# لاوان و كۆرسی هاوینەی ئۆفیسەكانی YADC





**سەنتە گەشەپێدانی چالاكی لاوان ئۆفیسی سلێمانی وەك نەریتی سالآنەی خۆی دەستیكردەوە بە خولە بەدەوامەكانی بۆ زمانەكانی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی كەتیایدا بە دەیان فێرخواز بەشداری كردوە لە كۆرسەكاندا .ئەوەی شایەنی باسە سەنتەر بۆ ماوەی پێنج ساڵە بەبەردەوامی لەهەوڵی خزمەتكردنە بە بوارەكانی زمان و كۆمپیوتەرو خەیاتی و سەرتاشی مۆسیقا ، جگە لەوەش دەیان وۆرك شۆپ و كۆڕو سیمیناری تیادابوە . وەدادەنرێ بە یەكێك لە سەنتەرە نایابەكانی شاری سلێمانی بەتایبەتی لە بواری زمانی ئینگلیزی و فارسی دا .دەورەكانی زمانی ئینگلیزی زۆرترین پانتایی هەیەو بەبەردەوامی كۆرسی تایبەتی بۆ دەكرێتەوە ، تا ئاستی Intermediate بەشداربووی هەیە واتە چوارەم ئاستی زمانی ئینگلیزی كە پرۆگرامەكەی بریتی یە لە New headwayزنجیرە كتێبێكی ستانداره لە جیهاندا .وانەكان بە شێوەی تیۆری و پراكتیكی دەخوێنرێن و CDو فلیمی تایبەت بە فێربون بەكاردەهێنرێن لە كۆتایی كۆرسەكاندا بڕوانامە دەدرێت بە بەشداربوانی**

بێگەرد عەلی كە بەشداربوویەكی كۆرسی Pre-Intermediateپێیوابو زۆرێك لە بەشداربوان گرفتی كاتیان هەیە و ئەگەربكرێ كاتی خولەكان لەگەڵ خواستی بەشداربواندابێت و ئاستی تەمەنیش ڕەچاوبكرێت هەروەها داستان بكریش وەك بەشداربویەكی خولەكانی بەیانیان ئاماژەی بەوەدا كە لەم سەنتەرە جگە لەوەی لەڕوی زانیستییەوە بەرەو پێش دەچیت لەڕوی كۆمەلآیەتیشەوە گەشە دەكەیت.ئەو پێی وابو سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان ئەوشوێنەیە كە جارێكی دی تواناكانی گەنجان دەخاتەوە گەڕو لاوان لەسەرسیستمێكی لۆجیكیانە گۆشدەكات . سەبارەت بە و بڕە پارەیەی كە لەبەرامبەر خولەكان وەردەگیرێت شلێر انور پێی وابو لەچاو سەنتەرەكانی تردا زۆر كەمەو تەنها نرخێكی ڕەمزییە .شیلان عمریش وەك خوێندكارێكی پۆلی چوارەم ئامادەیی پێی وابو كۆرسەكانی زمانی ئینگلیزی كاریگەری باشی هەبوە لەسەرخوێندنی قوتابخانەی بۆیە بۆ ماوەی دوو ساڵە بەبەردەوامی بەشداری لەكۆرسەكانداد‌ەكات و پێشنیاری ئەوەشی ئەوكەسانەی كە بەشدارن لە كۆرسەكاندا بتوانن زیاتر لە كۆرسێك بە شداری بكەن و لە كەمترین ماوەدا زۆرترین سود وەرگرن . سەنتەری چالاكی لاوان لەپێناوی بەرەو پێش چونی پرۆسەی خوێندن ودروست كردنی نەوەیەكی وشیارو تەندروست بۆئایندەی كوردستان خولی تایبەت دەكاتەوە بۆمندالآنی خۆشەویست تیایدا وانەكانی كۆمپیتەرو ئینگلیزی وپەروەردەی مەدەنی وهونەرو وەرزش دەوترێتەوە كۆرسەكان بۆماوەیی ٣ مانگەو وانەكان لەلایەن مامۆستایی بەئەزموونەوە دەوترێتەوە، سەبارەت بەشێوازی وانە وتنەوە مامۆستا أحمد وەك مامۆستای هونەر پێی ڕاگەیاندین قوتابیان بەشێوەكی زانستیانە وانەكان دەخوێننەوە زۆر جاریش لەرێگای هونەرەكەمەوە ئامۆژگاری قوتابیانم دەكەم چونكە هونەر پانتایەكی زۆری لەهزری مندالآندا داگیركردوە و دەبێ كاتی زیاتری بۆتەرخان بكرێت. هەروەها ئاماژەی بەوەشدا كەئەو وەك هاوڕێ مامەڵە دەكات لەگەڵ قوتابییەكانیدا وهەمیشە هەست بە نوێ بونەوە دەكات كاتێك وانەیەكی نوێ دەڵێتەوە. ئەوەی شایەنی باسە جگە لەخولەكانی زمان وكۆمپیتەر كۆرسی تایبەت بەدرومان دەوترێتەوە بەهەردوو ڕێگای تیۆری وپراكتیكی فێرخوازان لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا دەتوانن فێری بڕین ودرومان ببن. شەرمن رۆستم وەك بەشداربویەكی خولی درومان پێی ڕاگەیاندین كەدەورەكە زۆر باشەو لەوماوەیەدا فێری زۆرجۆری بڕین ودرومان دەبین دواترچاومان بەتاڤگەخورشید كەوت كەبەشداربویەكی خولی درومان بوو پێی ووتین كەمامۆستای خولەكە زۆربەباشی وانەكانی وانەكان دەڵێتەوە وتەواوی بەشداربوان سودمەند دەبن لەخولەكاندا.

سەبارەت بەبەشداربوان سەنتەری چالاكی لاوان لەقۆناغی ناوەندی تادوا قۆناغەكانی خوێندن بەشداربوی هەیەو خولی تایبەتی بۆقوتابیانی زانكۆو پەیمانگاكان وفەرمانبەران هەیە كەبەشێوەیەكی ئەكادیمیانە كۆرسەكان پێشكەش دەكرێت، لەڕووی تەمەنیشەوە لە١٢ساڵانەوە تا ٤٠ ساڵ بەشداربوی هەیەو بەپێی ئاستی كەسەكان خولەكان دەوترێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا چەندان فێرخوازی كەم ئەندام وبێ باوكی هەیەكەسەنتەر وەك ئەركێكی نیشتمانی ومرۆیی ودڵسۆزی وخەمخۆری بەرامبەرنەوەی نوێ بڕی پارەی داواكراو بۆخولەكان لە٥٠٪ دەشكێنێ بۆیان جگەلەوەش خوێندكارە یەكەمەكان لەقوتابخانەدەتوانن بەبێ بەرامبەر بەشداری خولەكان بكەن.

دەربارەی خولی فارسیش مامۆستاعدنان بەم شێوەیەبۆمان دوا،خولەكانی فارسی بەشێوەكی ستاندەری دەوترێتەوە بەجۆرێك كەئەوخاڵە هاوبەشانەی نێوان هەردوو زمانی فارسی لەبەرچاو دەگیرێت،وەك ئاشكرایە هەردووزمانی ناوبراو نزیكایەتی یەكی لەبەرچاویان هەیەوجێی باسە كەوتنەوەی خولەكە بەشێوەی پراكتیكی وجوڵەی فێرخوازی زۆری تیادەبێت وەپرۆگرامی زمانەكە برتییەلە دەنگ وڕێزمان وفۆنەتیك و وەرگێڕان ودایەلۆگ و وشە ماوەی خولەكان بۆئاستی سەرەتا ٣٠ كاتژمێرەو پێویستە قوتابی ئاستەكە بەسەركەوتوی ببڕێت پاشان مافی بەشداری كردنی هەیەلەخولی پێشكەوتواندا.

**ئا : دارا ئەحمەد**

**پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز لە ڕاپرسیەكی ئۆفیسی كفری YADC دا.**

**تا چەند بڕوات بە خوشەویستی نێوان هەردوورەگەز هەیە ؟**

| | كەم | مام ناوەند | زور | هیچ |
|---|---|---|---|---|
| | ٤٤ | ٦٥ | ٤٤ | ٤٧ |
| | ٪١٤,٦٦ | ٪٢١,٦٦ | ٪١٤,٦٦ | ٪١٥,٦٦ |

**لاوان ئەمرۆ پەیوەندی خۆشەویستی زیاتر لە سەر چ بنەمایەك دروست دەكەن..؟**

| | جوانی روالەت | سەروەت وسامان | ئارەزوی جنسی | پەیوەندی روحی | رەوشت بەرزی | زیاتر لە بنەمایەك |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٠٠ | ١٣ | ١٨ | ٢٩ | ٢٣ | ٧ |
| | ٪٣٣,٣٣ | ٪١ | ٪٦ | ٪٩,٦٦ | ٪٧,٦٦ | ٪٢,٣٣ |

**بێت باشە پرۆسەی هاوسەرێتی لە سەر چ بنامەیەك بێت ...؟**

| | خزمایەتی | سەروەت وسامان | جوانی روالەت | عیشقی روحی | دین | زیاتر لە بنەمایەك |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٣ | ٢ | ٧ | ٨٩ | ٩٣ | ٧ |
| | ٪١ | ٪٠,٦٦ | ٪٢,٣٣ | ٪٢٩,٦٦ | ٪٣١ | ٪٢,٣٣ |

**كلتور تا چەند كاریگەری هەبوە لە دروست كردنی پەیوندی خوشەویستی ...؟**

| | كەم | مام ناوەند | زور | هیچ |
|---|---|---|---|---|
| | ٦٢ | ٤١ | ٤٩ | ٤٨ |
| | ٪٢٠,٦٦ | ٪١٣,٦٦ | ٪١٦,٣٣ | ٪١٦ |